گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری پرۆگرامی راهێنانی بە تەکنیکی (Pouring Acrylics) لەسەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر

**ئاواز میرزا فرج**
بەشی پەروەدەی هونەری, کۆلێژ ی پەروەردەی بنەڕەت, زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردەستان، عێراق
awaz.faraj@univsul.edu.iq

**پ.د. صابر بکر مصطفى**
بەشی باخچەی منالان, کۆلێژ ی پەروەردەی بنەڕەت, زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردەستان، عێراق
sabir.mustafa@univsul.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٧/٢٦
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٨/٢٧
بڵاو کردنەوە:زستان٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Influence, Training Program, Acrylic Pouring, drawing*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.4.9

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوی تێزی دکتۆرایە بە ناونیشانی (کاریگەری پرۆگرامی راهێنانی بە تەکنیکی Pouring Acrylics لەسەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری). ئامانجی توێژینەوەکە ئامادە کردنی پرۆگرامێکی راهێنانی لە بواری وێنەکێشاندا وزانینی کاریگەری پرۆگرامی راهێنانیەکە لە سەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (17) خوێندکاری قۆناغی چوارەم کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەڵبژێردران. بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگی ویەك رێڕەو بۆ نمونەی توێژینەوەکە وکۆنترۆلکردنی گۆڕاوەکان توێژەران هاوتای نمونەی توێژینەوکەیان وەرگرت وەکو تاقیکردنەوەی پێشەکی، تەمەنی خوێندکارەکان بە (مانگ)، نمرەی وانەی دارشتنی وێنەکێشان بۆ ساڵی

(2022-2021)، ئاستی زیرەکی خوێندکاران لە ڕێگەی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی (IQ test). توێژەران هەستا بە ئەنجامدانی راپرسی بۆ دارشتن وبنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی، راپرسی کراوە بەمەبەستی دەستنیشانکردنی تەکنیکەکانی وێنەکێشان، راپرسی بۆ ئامادەکردنی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەی نموونەی توێژینەوەکە. پاش دارشتن وبنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی ووەرگرتنی رای پسپۆڕان وەبەپێی کۆمەڵێک هەنگاو کە لەرێگەیەوە پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە دەستنیشانکران. توێژەران پرۆگرامی ڕاهێنانی وتەکنیکی (Acrylics Poring) جێبەجێ کرد لە سەر نموونەی توێژینەوەکە لە ماوەی (8) هەفتە دا، هەر هەفتەیەک (1) وانە، هەروانەیەک (3) کاتژمێر. دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان (داتا) وشیکاری ئاماری ئەنجامەکان، توێژەران گەیشت بە کۆمەڵێ ئەنجام، وەکو بنیادنانی پرۆگرامێکی راهێنانی هەنگاو بە هەنگاوکە وپاشان جێبەجێکردنی لە سەر نموونەی توێژینەوەکە ودەرکەوتنی جیاوازی ئاماری بەرچاو لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی بە بەکارهێنانی تەکنیکی (Acrylics Poring) ئەمەش بەو مانایە دێت کە خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە ئاستی پەرەپێدانی توانای وێنەکێشانی خۆیان پێشخستووە دوای ئەزموونی توێژینەوەکە وقەبارەی کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی گەورە بوو لە سەر پەرەپێدانی تواناکانی وێنەکێشان لای خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە. لە ڕۆشنایی ئەنجامەکاندا، توێژەر کۆمەڵێک ڕاسپاردەو پێشنیاری خستەڕو کە پێی وایە لە داهاتوودا تەواوکەری توێژینەوەکەی ئێستای دەبێت.

## 1.کێشەی توێژیەنەوە:

کێشەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای گەڕان ولێکۆڵینەوە لەلایەن توێژەرەوە لە بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ئەنجامدرا بە ئامانجی دەستنیشانکردنی کاریگەری پرۆگرامێکی راهێنانی بۆ پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی رشتنی رەنگی ئەکرلیک (Pouring Acrylics) وەکو رێگەیەکی نوێ لە بواری وێنەکێشان، تا چەند دەتوانرێت ئەم رێگەی ئاشنا بکرێت، ئەم تەکنیکە یەکەم جارە بەکار دەهێنرێت لە بواری وینەکێشان لە پەیرەو پرۆگرامی خوێندن لە بەشی پەروەردەی هونەر کۆلێجی پەروەوردەی بنەڕەت لە زانکۆی سلێمانی .

کێشەی توێژینەوەکە دیاری دەکرێت لە وەڵام دانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتییە کاریگەری پرۆگرامی راهێنانی بە تەکنیکی (Pouring Acrylics) لەسەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر، لە وەڵام دانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کۆمەڵێ پرسیاری لاوەکی سەرهەڵدەدات :

1- پرۆگرامی راهێنانی کامەیە کە پێویستە جێبەجێ بکرێت بۆ گەشە پێدانی توانای وێنەکێشان لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.
2- بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت هاوبەشی کارەکانی بکات لە پێشانگا جیهانییەکان چونکە ئەم تەکنیکانە رێگایەکی جیاواز وسەربەخۆیە.
3- تا چەند گرنگە خوێندکاری بەشی پەروەردەی هونەر شارەزایی هەبێت لە بەکارهێنانی تەکنیکی (Pouring Acrylics) بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم تەکنیکە لە قوتابخانەکان ئاشنا بکرێت .
4- ئایا لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازی بەرچاو هەیە لەسەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان بە تەکنیکی (Pouring Acrylics) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.
5- قەبارەی کاریگەری (Size Effect) تەکنیکی (Pouring Acrylics) لە سەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان) چەندە لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.

### 1.1 گرنگی توێژینەوە:

لە سەردەمی ئێستادا کۆمەڵگە مرۆییەکان بە پەرۆشن بۆ پەرەپێدانی توانایان وپەرەپێدانیان تا ئەوپەڕی توانا بۆ بەرەوپێشبردن بە گرتنەبەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لە بواری خوێندن وەک سەرچاوەیەکی بنچینەیی وبەکارهێنانی بە باشترین شێوە. ڕاهێنان پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بەپێی فەلسەفەو سیاسەت وستراتیژێک ئەنجامدەدرێت کە بە ئامانج وپلانەکانی پێناسە دەکرێت ولەشێوەی بەرنامەیەکی ڕاهێنانیدا پەرەی سەندووە کە میتۆد وئامرازی پەروەردەیی خۆی هەیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پیشەیی وپەروەردەیی وگەشەکردنی پراکتیکی. مامۆستا پێویستی بە ڕاهێنان وفێربوونی بەردەوام هەیە بە درێژایی ژیانی پیشەیی بۆ ئەوەی بتوانێت لە بواری کارکردنیدا لەگەڵ هەموو شتێکی نوێدا هەنگاو بنێت وتواناکانی بەرزبکاتەوە بە جۆرێک کە یارمەتیدەر بێت لە پەرەپێدان وباشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی، (Coles, 2023; لطفي, 1996, p. 60).گرنگی توێژینەوەکە لە چالاکییەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە یە بۆ باشترکردنی توانا ولێهاتووییەکانی وێنەکێشان وئەو تەکنیکانەی کە خوێندکار لە بواری وێنەکێشان بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە وەرگرتنی بیرۆکەی مۆدێرن وداهێنەرانە لای خوێندکار وپەرەپێدانی ئەدای کارامەیی، دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز ولاواز بۆ پێوانەکردنی ڕادەی گەشەکردن لە کارامەییەکاندا، هەروەها دابینکردنی ناوەڕۆکی چالاکییە کردارییەکان دوای تەواوکردنی خوێندن کە بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی مامۆستا دادەنرێت بۆ پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکان دا.

### 2.1 ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەبریتییە لە بەدیهێنانی:

1- ئامادەکردنی پرۆگرامێکی راهێنانییە لە بوارەکانی وێنەکێشاندا
2- زانینی کاریگەری تەکنیکی (Pouring Acrylics) لەسەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.
3- زانینی قەبارەی کاریگەری تەکنیکی (Pouring Acrylics) لەسەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.

**3.1 گریمانەی توێژینەوە:**

1- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوی پێشەکی وتاقیکردنەوی پاشەکی لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان بە تەکنیکی (Pouring Acrylics) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر پێش جێبەجێکردنی وپاش جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە.

2- هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە قەبارەی کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لە سەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان وبە تەکنیکی (Pouring Acrylics) لە بابەتی کاری سەربەست لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر پێش جێبەجێکردنی وپاش جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە.

**4.1 سنوری توێژینەوە:**

سنوری بابەتی: کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لە سەر لێهاتووی وێنەکێشان لە بابەتی کاری سەربەست

سنوری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی چوارەم بەشی پەروەردەی هونەری.

سنوری شوێن: بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت.

سنوری کات: ساڵی خویندنی (2022-2023).

**5.1 دیاریکردنی چەمکەکان:**

**کاریگەری:**

صبري (2002): توانای گەیشتن بە ئامانجە مەبەستەکان وگەیشتن بە ئەنجامە خوازراوەکان، ئەو چەمکە لە بواری چارەسەر وشێوازەکانی خوێندن وفێربوون وشێواز وستراتیژ ومۆدێلەکانی فێرکردندا بەکاردێت (صبري, 2002, p. 410).

شحاتة and النجار (2003): دەرئەنجامی گۆڕانکاریەکی خوازراو یان نەخوازراوە کە لە فێرخوازدا ڕوودەدات لە ئەنجامی پرۆسەی فێربووندا (شحاتة & النجار, 2003, p. 6)

تویژەر پێناسەی کردووە: بریتییە لە بینینی گۆڕانکاری وبەدەستهێنان لە پرۆسەی فێربوون وفێرکردندا وگەیشت بە ئەنجامی ئەرێنیی چاوەڕونکراوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پرۆگرامی راهێنانی:**

جابر (2001): پرۆسەیەکی سیستماتیکی ڕێکخراوە، وادەکات تاك لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵێک ئەزموون ولێهاتویی بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی بتوانێت چەند ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێ بکات. (جابر, 2001, p. 288)

الياسري (2000): پلانێکی ڕێکخراوە بۆ کۆمەڵێک بابەت وچالاکیی و کرداری کە ئامانجیان بەدەستهێنانی زانیاری وپەرەپێدانی کارامەیی لە ماوەی دیاریکراودا. (الياسري, 2000, p. 18)

شحاتة and النجار (2003): جۆرێک لە ڕاهێنان کە کۆمەڵێک چالاکیی یەکگرتوو لەخۆدەگرێت ئامانج لێی ئامادەکردنی تاکەکانە و ڕاهێنانیان لە بوارێکی دیاریکراو و پەرەپێدانی زانیاری و لێهاتوویی و هەڵویستەکانیانە لە ماوەی دیاریکراودا، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەزموونە پەروەردەییەکانی گەشەکردنیان وپێداویستییەکانی فێرخوازان بگونجێت. (شحاتة & النجار, 2003, p. 77)

تویژەر پێناسەی کردووە: ریکخستن ودیاری کردن وپەیرەوێکی چالاك وبابەتیانەیە بۆ ئەزموون وبەدەستهێنانی زانیاری وکارامەیی وپەرەپێدنی لێهاتوویی فێرخواز لە بواری پەروەدە وفیرکردندا.

تویژەر پێناسەی کردووە: بەدەستهێنان وگەشەسەندن وبەرزکردنەوەی توانا کارامەییەکانی تاک لە ڕێگەی ئەزموون وفیربوون.

**وێنەکێشان:**

د.وليد (٢٠٠٥): دەربڕینە بە هێڵ وشێوەو هێمای سادەکراو بۆ بیرۆکە، پرۆسەیەک، ڕووداو، دیاردەیەکی زانستی، ڕێساکان وبنەماکانی درککردن وتێگەیشتن (د.وليد, ٢٠٠٥)

ولیام (١٩٩٧): وێنەکێشان هونەرێکی بینراوە کە بریتییە لە دروستکردنی پەیوەندی لەسەر ڕووبەرێک، کە دەربڕینی شتەکانە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هێڵ یان پەڵە یان هەر ئامرازێک، ئەم جۆرە هونەرە جۆرێکە لە هونەرە بینراوەکان (هونەری شێوەکاری). (وليام, ١٩٩٧, p. 60)

ولیام (١٩٩٧): دەربرینێکی تشکیلیە وا دەکات نیشانەیەک دروست بکات لەسەر رووپەک، ئەم نیشانە دەکرێت بە بەکارهێنانی ماددەی جیاواز وەک مەرەکەب یان پێنوس یان تەنانەت بەکارهێنانی ئامرازی دەم تیژ کە بتوانێت هێڵێکی نوقم لەسەر ڕووی دروست بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێک بێت ئەو کەرەستە یان ئامرازانە کە بەکار هاتوون ئەنجامەکە یان کاریگەرییەی کە دەردەکەوێت یان بەجێی دەهێڵیت هێڵێکی ئەبستراکتە. (ولیام, ١٩٩٧, p. ٦٠)

تویژەر پێناسەی کردووە: بریتییە لە هونەرێکی بەچاو بینراو لە سەر ڕوویەک وگەیاندنی پەیامە بە بەکارهێنانی کەرەستەی جواروجۆر.

**: Acrylic Pouring**

Coles (2023): ئەبستراکت – هونەرێک کە هەوڵی نوێنەرایەتیکردنی واقیعی دەرەکی نادات، بەڵکو هەوڵی بەدەستهێنانی کاریگەرییەکەی دەدات بە بەکارهێنانی شێوە و فۆرم و ڕەنگ و پێکهاتە.(Coles, 2023)

Kelley (2019): تەکنیکێکی بۆیاخکردنە کە بۆیەی ئەکریلیک لەگەڵ هەندێک جۆری مادەی ڕژاندن تێکەڵ دەکرێت و دواتر بە شێوازی جۆراوجۆر دەرژێتە سەر ڕوویەک. (Kelley, 2019)

## 2. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

### 1.2 پرۆگرامی ڕاهێنانی:

پرۆگرامی ڕاهێنانی یەکێکە لەشێوازە هەمەجۆرەکانی گەشەپێدانی پیشەیی کە کۆمەڵێک چالاکی ڕێکخراوە بەئامانجی پەرەپێدانی زانین وئەزموون وهەڵوێستی ڕاهێنەران کە یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی زانیارییەکانیان وبەرزکردنەوەی کارایی بەرهەمهێنانیان، جێگیرکردنیان لەم پرۆگرامانەدا بۆ زیادکردنی کاریگەری مامۆستایان وبەرزکردنەوەی توانا چۆنایەتییەکانیان لە بواری پەروەردە وپسپۆڕیدا. (شموط, 2015, p. 8)

2.2 ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانی:

پرۆگرامەکانی ڕاهێنان وگەشەپێدانی پیشەیی جیاوازن بەپێی هەمەچەشنی ئامانجی تایبەتی هەر بەرنامەیەک وبەپێی مەبەستەکانی پرۆسەی پەروەردەییە (عوض, 1989, p. 63). هەروەها ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان بریتین لە:

1- ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەکە: جەخت لەسەر ئەو ئامانجە بنەڕەتیانە دەکاتەوە کە بەرنامەکە بەدوای بەدیهێنانیدا دەگەڕێت

2- ئامانجە تایبەتییەکانی پرۆگرامەکە: بەگشتی دابەش دەکرێن بۆ ئەرک، ئەو بارودۆخەی کە ڕاهێنانەکە تێیدا ئەنجام دەدرێت، پێوەری ئەدای پێویست بۆئەدای کارکردن. (توفیق, 2007, p. 127).

3.2 بنەماکانی بنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی:

کۆمەڵێک بنەما هەیە دەبێت لەبەرچاوی بگرێت لە کاتی پلاندانان بۆ دارشتنی پرۆگرامی ڕاهێنانی:

دیزاینی پرۆگرامی ڕاهێنانی دەبێت چەند هەنگاوێک لەبەرچاوبگیرێت لەکاتی دیزاینکردن وەکو ناونیشانی بەرنامەی ڕاهێنان وئامانجەکانی بەرنامەی ڕاهێنانی وە دیاریکردنی لێهاتوویە پێویستەکان وناوەڕۆکی بەرنامەی ڕاهێنانی دیاری بکرێت.

1- ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانیی دەبێت ئامانجەکان ڕوون بێت وگونجاو بێت، لە سنوورو تواناداا بن وبتوانریت پێوانە بکرێت.

2- شێوازەکانی جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی لە خولی قوتابخانەکان ووەرشەی پەروەردەیی وچالاکیی تاکەکەسی یان کۆمەڵی وپرۆگرامەکان لە پەیمانگاکانی ڕاهێنانی وگەشەپێدانی پەروەردەیی دا.

3- کاتی بەرنامەی ڕاهێنانی لە پشووی بەهار یان هاویندا ودوای کۆتایی هاتنی مەشقکردن لە قوتابخانەکەی.

4- بەڕێوەبردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی لە لایەن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یان پسپۆڕیی پەروەردەیی بەڕێوەبەری پەیمانگای ڕاهێنان یان یەکێک لە پسپۆڕانی بواری ڕاهێنان دەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ڕاهێنانی لە کاتی تاقیکردنەوەی پراکتیکی وزارەکی ونووسینەکی وگفتوگۆ وتوێژینەوە ولێکۆڵینەوە وهەڵسەنگاندن پێش جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی (تاقیکردنەوەی پێشەکی)، هەڵسەنگاندن لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی وهەڵسەنگاندن دوای کۆتایی پرۆگرامی مەشقکردن. (الجبوری & الفتمي, 2009: 194)

**4.2 هۆکارەکانی پلاندانان بۆ پرۆگرامی ڕاهێنان:**

سەبارەت بەو ئامانجانەی کە پرۆگرامی ڕاهێنانیان بۆ داڕێژراوە، ئەوانیش بریتین لە:

1- ڕەنگە پرۆگرامی ڕاهێنانی ئاراستەی ئەو مامۆستایانە دەکرێت کە کەم ئەزموونن بۆ ئەوەی ببنە مامۆستای ئاسایی کە بە متمانە وگەشبینییەوە دەست بە کارەکانیان دەکەن.
2- پرۆگرامی ڕاهێنان پلانی ئەوەیە بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ لە ئەنجامی پەرەپێدانی شێوازی وانەوتنەوە وتەکنیکە پەروەردەییەکان وگەشەپێدان لە پرۆسەی پەروەردەیی دا.
3- پلانی پرۆگرامی ڕاهێنانی یارمەتی راهێنراو بدات بۆ گەشەکردنی پیشەیی یان گۆڕینی پسپۆڕی، ئەم ڕاهێنانە زۆربەی کات ماوەکەی درێژە لە ساڵێکەوە تا سێ ساڵە. (الأحمد, 2005, p. 203)

**5.2 مەرجەکانی پلاندانانی پرۆگرامی ڕاهێنان:**

1- پرۆگرامی راهینانی دەبێت جگە لە زانیاری تیۆری چالاکی پراکتیکی لەخۆ بگرێت.
2- ئامانجەکانی پرۆگرامەکە دەبێت زۆر ورد بێت، هەروەها شێوازی ڕاهێنان وهەڵسەنگاندن وئامرازەکان دیاری بکرێت.
3- پرۆگرامی ڕاهێنان دەبێت لە شێوازەکانی ڕاهێناندا هەمەچەشن بێت، کە لایەنی پراکتیکی وتیۆری لەخۆدەگرێت.
4- پێویستە کاتی ڕاهێنانەکان لەگەڵ ڕاهێنراوان وکارەکانیان بگونجێت. (سنقر, 1996, p. 205)

6.2 تەکنیکی رشتنی رەنگی ئەکرلیك (Pouring Acrylics):

لە کۆتاییەکانی چلەکاندا (1943) چیرۆکی نیگارکێشی ئەمریکی جاکسۆن پۆلۆک (Jackson Pollock's) کەوتە بەر چاوی خەڵک، شێوازێکی نیگارکێشانی پەرەپێدا کە یارمەتیدەر بوو لە پێناسەکردنی ئەو بزووتنەوەیەی کە ناسراوە بە (Abstract Expressionism). ئەم نیگارکێشە هەستا

بە پارچەیە کانڤانسی گەورە رەنگی بەشێوەی دلۆپ دلۆپ و رشتن بۆ سەر کانڤانسەکە بڵاوکردەوە. ئەم تەکنیکە دنگدانەوەی لەنێو ئەو ڕەخنەگرانەدا دروستکرد کە بە فڵچەی تەقلیدی ڕاهاتوون وپێیان وابوو کە کارەکانی پۆلۆک تەنها بەرێکەوتە، بەڵام پۆلۆک ئەو پروپاگەندانەی رەتکردەوە وئاماژەی دا کە دەتوانم کۆنترۆڵی رشتنی بۆیەکان بکەم (Landau, 1989)، (Taylor, 2006).

ڕشتنی رەنگی ئەکریلیک تەکنیکێکی نیگارکێشانی تجریدیە وشێوازێکی هونەری داهێنەرانەیە بە بەکارهێنانی ڕەنگی ئەکریلیک شلکراوە بە ناوەندێکی شلکەرەوە (Pouring Medium) وەکو (غەرِ یان هێلم) بۆ دروستکردنی تابلۆیەک بەبێ بەکارهێنانی کەرەستەی وەک فڵچە وچەقۆ وشفرە ئەوانی تر. تەکنیکەکە پەیوەستە بە ڕشتنی ڕەنگەکان ڕاستەوخۆ لەسەر ڕووی تابلۆکە (کانڤاس، پانێڵی دار، یان تەختە) و پاشان جوڵاندنی بەدەوریدا. تابلۆکە بەندە بە هاوئاهەنگی نێوان ڕەنگەکان بۆ ئەوەی پارچە هونەرییەکی جوان بێتە ئاراوە.

**1.6.2 کاریگەری تەکنیکی رشتنی رەنگی ئەکرلیك (Pouring Acrylics):**

ڕەنگی ئەکریلیک ناوەندێکی زۆر جۆراوجۆرە وگشتگیرە کە ڕێگە بە چەندین تەکنیک و تەکنیکی داهێنەرانە دەدات (Durani, 2020).

تەکنیکەکان هەمەجۆرن بە مەودایەکی زۆر لە ڕەنگی سەرنجڕاکێش وکراوەن لەبەردەم هەموو هونەرمەندێک. لە هونەری ڕشتنی رەنگەکانی ئەکریلیک ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەوەی هەست بە خۆشی وفراوان بوونی بیرۆکەی بوێ.

مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانیەوە ئەزموونی زۆر بەدەست دەهێنێت و ئەو ئەزموون وتێگەیشتنانە فراوانتر دەکات بە مامەڵە وبەرکەوتی زۆر لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا بۆ کەڵەکەبوونی ئەزموونەکانی دەربارەی سروشتی شتەکانی دەوروبەری، وهەستکردن شتێک نییە کە لە هیچەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵکو هەر هەستێک ئەنجامی جیاکاری وپەسەندکراوە کە بەهۆی هاندانی هەستی لە پێکهاتەی هەستی بنچینەییەوە دروست دەبێت و ئەم هەستە شاراوەیە دەتوانرێت وەک زەوییەک تەختە ورێکە هەژمار بکرێت پاشان هەندێ شوێنی دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی دیار، بۆیە هەر هەستێک هاوکێشە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وداڕشتنێکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەم هاوکێشەیە خۆی دەسەپێنی ئەگەر هاتوو بەهێزبێت (مراد, 1690).

تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەکراوە سەبارەت بە بەکارهێنان تەکنیکی ڕشتنی رەنگی ئەکریلیک بۆ کەمکردنەوەی فشار. چەند توێژینەوەیەک ئەنجامدران بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ڕێنماییە هونەریەکانی و کەمکردنەوەی فشاری دەروونی لە کارمەندانی چاودێری تەندروستی. بۆ نموونە، کاری ماندالا وەک ئامرازێک بۆ چارەسەرکردنی فشار لە نێوان پیشەییەکانی چاودێری تەندروستیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابوو (Babcock, 2017).

VanEver (2019) "کاتێک گەنج بووم هەرگیز هەستم نەدەکرد هیچ لێهاتوویی و توانایەکی هونەریم هەبێت. تەنها لەم چەند ساڵەی دواییدا ویستم خۆم بسەلمێنم، وە کاتێک بۆ یەکەمجار هونەری شلم، یان ڕژاو، لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە، دەستبەجێ گیرۆدەی بووم. ئەم جۆرە هونەرە ئەبستراکتە چەندین ئەگەری تێدایە و هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات. ئەگەر سەرەتا بیت یان شارەزا بیت، چەندین تەکنیک و شێواز هەیە وهونەرمەندەکانیش، کار دەکەن بۆ تەواوکردنی بەهرەی تایبەتی خۆیان".

VanEver (2020) "زیاتر لە دوو ساڵە بە ئەکریلیکی شل نیگار دەکێشم، باوەڕ ناکەم گەشتەکەم بەرەو کوێی بردم. زۆر تەکنیکی خۆش و سەرنجڕاکێش فێربووم، توانیومە بە شێوەیەک خۆم دەرببڕم کە هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کە بتوانرێت".

### 7.2 توێژینەوەکانی پێشوتر:

#### توێژینەوەی (عبداللەغیدان, 2008):

بە ناونیشانی پرۆگرامێکی پەروەردەیی بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی بەکارهێنانی ڕەنگی رۆنی لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەکە داڕشتنی بەرنامەیەکی پەروەردەیی بوو لەسەر لێهاتوویی بەکارهێنانی بۆیەی ڕۆنی لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری، پاشان پێوانەکردنی کاریگەریەکەی لە دابینکردنی لێهاتوویی پێویست بۆ خوێندکارانی. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەم لە بەشی پەروەردەی هونەر / کۆلێژی هونەرەجوانەکان زانکۆی بەغدا کە ژمارەیان (13) خوێندکاری (نێر ومێ)، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە (40) خوێندکاری کۆمەڵگای توێژینەوەکە هەڵبژێردرا بوون، بە مەبەستی ئەوەی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە بریتیبوون لە دوو تاقیکرنەوە یەکێکیان بۆ پێوانەکردنی ئاستی زانیارییە مەعریفیەکان، دووەمیان بۆ پێوانەکردنی ئاستی جێبەجێکردنی لێهاتووی وێنەکێشان بە ڕەنگی رۆنی. گرنگترین ئەجامەکانی توێژینەوەکە گونجاوی پرۆگرامی پەروەردەییە لە دابینکردنی ئەو لێهاتوویە تەکنیکیانەی کە پێویستە بۆ وێنەکێشان لای خوێندکاران بە بەکارهێنانی ڕەنگی رۆنی بەهەردوو وڕەهەندی مەعریفی و لێهاتووی.

**توێژینەوەی (دغمش, 2014):**

ئامانجی توێژینەوەکە بنیاتنانی پرۆگرامێکی ڕاهێنان وزانینی کاریگەرییەکەی لە پەرەپێدانی تواناکانی داڕشتن و بەرهەمهێنانی فایلێکی دەستکەوتی ئەلیکترۆنی و ئاڕاستەی خوێندکاران بەرامبەری. کۆلێجی پەروەردە لە زانکۆی ئیسلامی لە غەززە. توێژەر لیستی کارامەییەکانی بۆ دیزاینکردن و بەرهەمهێنانی فایلە ئەلیکترۆنییەکە ودەستکەوتەکان ئامادەکرد. هەروەها هەستا بە ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە کە پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی مەعریفی، کە لە (43) بەندی تاقیکردنەوەیی لە جۆری فرە هەڵبژاردن وئامادەکردنی کارتی تێبینی وپێوەری ئاراستە بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەستا بە بنیاتنانی پرۆگرامی راهێنانی خوێندکاران بۆ پەرەپێدانی تواناکانی دیزاینکردن و بەرهەمهێنانی فایلێکی دەستکەوتی ئەلیکترۆنی. توێژەرەکە نمونەیەکی بە مەبەست لە خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی ئیسلامی هەڵبژاردووە کە ژمارەیان (17) خوێندکار لە ساڵی خوێندنی -2022 2023. بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێبازی بونیادگەرایی بەکارهێناوە بۆ بنیاتنانی بەرنامە پێشنیارکراوەکە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی دیزاینکردن وبەرهەمهێنانی فایلە دەستکەوتە ئەلیکترۆنییەکان وئاڕاستەیان بەرامبەری، هەروەها ڕێبازی ئەزموونی لەگەڵ بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی پێشەکی وتاقیکردنەوەی پاشەکی لە سەر نموونەی توێژینەوەکە. توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی هەیە لە لایەنی مەعریفی، هەروەها لە ئەدای پراکتیکیدا، هەروەها لە ئاراستە بەرەو لێهاتوویەکانی دیزاینکردن وبەرهەمهێنانی فایلە دەستکەوتە ئەلیکترۆنییەکان دوای جێبەجێکردنی پرۆگرام.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تویژینەوەی (Ebrahem & Abou, 2023):**

ئەم تویژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (ڕێگاکانی ڕژانی ڕەنگەکانی ڕەنگ وەک دەروازەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی دەربڕینی ئەبستراکت لەسەر ڕووی تابلۆکە و قاپی سیرامیک) لە ولاتی عەربستانی سعودیە لە زانکۆی (ملك فيصل)، کۆلێجی پەورەدە – بەشی پەروەدەی هونەر ئەنجامدراوە. ئامانجی ئەم تویژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە وگرنگی دان بە بەکارهێنانی جوانییەکانی تایبەت بە شێوازەکانی ڕشتنی بۆیەی سیرامیکی ورەنگی ئەکرلیک وە بەکارهێنانی بەهاکانی ڕەنگەکان بۆ دروستکردنی پێکهاتەی ڕەنگی بە تایبەتمەندی دەربڕین (التعبير) و ئەبستراکت (التجريد). بە بەکارهێنانی تەکنیکە دیجیتاڵییەکان بۆ وێنەگرتنی ئەو پێکهاتە رەنگیانە هەروەها پشتڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینە بینراوانەی کە لە ئەنجامی شێوازەکانی ڕشتنی بۆیەکان دروست بوون وپاشان چاپکردنەوەیان لەسەر کانڤاسەکان، توێژینەوەکە میتۆدی ئەزموونی پەیڕەو کرد کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە بە شێوازی ڕشتنی ڕەنگەکان جێبەجیکرد. توێژینەوەکە ڕاسپاردەیەکی پێشکەش کرد بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە مامەڵە دەکەن لەگەڵ شیکردنەوەی دەروونی کەسایەتی بە بەکارهێنانی پێکهاتە رەنگییەکان وشیکردنەوەی دەروونی کەسایەتی دەکەن بە بەکارهێنانی پێکهێنانی ڕەنگەکان لە ئەنجامی ئەزموونی بابەتی توێژینەوەکە بۆ چارەسەکردن لە رێگەی هونەرەوە.

**توێژینەوەی (Babcock, 2017):**

ئەم توێژینەوەیە زانکۆی ویلایەتی ئیندیانا کۆلێجی (Saint Mary-of-the-Woods) لە ژێر ناونیشانی (چارەسەری هونەری و بەڕێوەبردنی فشار: ڕەنگکردنی ماندالا لەگەڵ پسپۆڕانی چاودێری تەندروستی) لە بەشی چارەسەری هونەری (Art Therapy) جێبەجیکراوە. ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە دەرخستنی کاریگەری گونجاوی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ڕەنگی (ماندالا) بکات بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەروونی و دڵەڕاوکێ لەنێو پسپۆڕانی چاودێری تەندروستیدا بۆ باشترکردنی ڕەزامەندی لە کار، کەمکردنەوەی ماندوێتی وبەرزکردنەوەی کواڵێتی جۆری چاودێری نەخۆش. نموونەی توێژینەوەکە هەلبژێردابوون لە کلینیکی چاودێری تەندروستی کە تایبەتمەندە بە پشکنین وچارەسەری گەدە کە پێکهاتبوو لە (21) بەشداربوو (20) رەگەزی مێ و (1) رەگەزی نێر، لە ستافی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دامەزراوەکە، ستافی رێکخەر، ستافی پەرستاران، کارمەندان، ستافی پزشکییان. لە (90%) ی قەوقازی بوون و (5%) ئەمەریکی لە ئەسڵی ئەفریقی و(5%) هیتر. تەمەنی بەشداربووان لە نێوان (35-64) ساڵ بووە، (81%) بەشداربووان هاوسەرگیریان کردووە بە بەراورد بە نزیکەی (10%) کە وەک ژن و مێرد دەژین یان جیابوونەتەوە، (10%) بەشداربووان منداڵیان نەبووە، (5%) بەشداربووان یەک منداڵیان هەبووە، (75%) بەشداربووان دوو منداڵیان هەبوو، (24%) بەشداربووان سێ منداڵیان هەبووە، (5%) بەشداربووان چوار منداڵ یان زیاتریان هەبووە، و (71) بەشداربووان ڕایانگەیاندووە کە چێژیان لە ئەنجامدانی چالاکییە هونەریەکان وەرگرتووە، (24%) وبەشداربووان ڕایانگەیاندووە کە تا ڕادەیەک چێژیان لە چالاکییە هونەریەکان وەرگرتووە، (5%) ڕایانگەیاندووە کە چێژیان لە چالاکییە هونەرییەکان وەرنەگرتووە. ئەنجامەکان دەری دەخەن ئاماژە بە کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە فشار دەکەن لەگەڵ بەکارهێنانی ڕەنگی ماندالا، $t(19) = 6.67$ $p < .001$. جیاوازی نێوان هەڵسەنگاندنی هۆشیاری پێش و پاش ڕەنگی ماندالا لە ڕووی ئامارییەوە گرنگ نەبوو، $t(19) = -940$ $p > .05$.

## 3. رێکارییەکانی توێژینەوە:

### 1.3 مێتۆدی توێژینەوە:

توێژەران ڕێبازی ئەزموونیان گرتەبەر، بەو پێیەی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا دەگونجێت، (العمر, 2001, p. 60).

### 2.3 کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەک برییتیە لە خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی بۆساڵی خوێندن (2022-2023).

### 3.3 نموونەی توێژینەوە:

توێژەر شێوازی هەڕەمەکی سادەی بەکارهێناوە بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (17) خوێندکاری قۆناغی جوارەم لە بەشی پەروەردەی هونەر - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندن (2022-2023).

### 4.3 ماوەی توێژینەوە:

کات وماوەی توێژینەوەکە بریتییە لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (2022-2023) بۆ ماوەی (8) هەفتە، هەر هەفتەیەك یەك وانە وهەروانەیەك (3) کاتژمێر.

### 5.3 پرۆسەکانی پەیوەست بە پێگەیاندن:

پشتبەست بە شێوازی هەڕەمەکی لە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە وئەنجامدانی توێژینەوەکە لە ماوەی یەک کاتدا ولە ژێر بارودۆخی هاوشێوەدا کاریگەری پرۆسەکانی پەیوەست بە پێگەیاندن لەسەر ئەزموونی توێژینەوەکە بچووکردۆتەوە تا دەتوانرێت.

### 7.3 ئامرازکانی توێژینەوە:

### 1.7.3 بنیاتنانی پرۆگرامی راهێنانی:

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە وتاقیکردنەوەی راستگۆیی گریمانەکان، توێژەر بۆ بنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی بەپێی سەرچاوەی زانستی بشت بەستوو بە کۆمەڵێک هەنگاو را وەرگرتنی پسپۆڕان لە رێگەی راپرسییەوە کە لەرێگەیەوە پرۆگرامەکە دەستنیشانکرا وپێداویستییەکانی ڕاهێنان وئامانجەکانی پرۆگرامەکە دەستنیشانکران، هەروەها ناوەرۆکەکە ئامانج وچالاکییە پەروەردەییەکان بەدەست بهێنێت کە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە بەکاردەهێنرێن، هەروەها شێوازە گونجاوەکانی هەڵسەنگاندن، ئەمەش بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوەیە:

**یەکەم: قۆناغی شیکردنەوە (Analysis):**

دیاریکردنی ئاستی پێداویستییەکانی خوێندکاران لەهەر قۆناغێکدا لە بەشی پەروەردەی هونەر بۆ پرۆگرامێکی ڕاهێنانی کە گەشە بە بەهرەی وێنەکێشان دەدات و ئامادەکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ ڕاهێنانی خوێندکارانی قۆناغی چوارەم.

**دووەم:قۆناغی دیزاین (Design):**

توێژەران بۆ داڕشتنی پرۆگرامە ڕاهێنانییەکە مۆدێلی (کەمپ)یان پەیرەو کرد لە کاتی دیزاینکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە بەهۆی سوودەکانییەوە، کە ڕێگە بە ئەنجامدانی دەستکاریی پێویست دەدات لە هەڵبژاردنی یەکەکان (توخمەکان)دا بەپێی پێویست وهەڵسەنگاندن لە کاتی دیزاین کردنی پرۆسەکەدا گونجاوە لەگەڵ سروشتی پرۆسەی ڕاهێنانی خوێندکاران. ئەم قۆناغە کۆمەڵێک هەنگاو لەخۆدەگرێت کە توێژەران لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە لە مۆدێلی گشتی دیزاینی فێرکاری (کمپ) وەرگیراون پەیڕەوی کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- داڕشتنی ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە:

پەرەپێدان وگەشەپێدانی شارەزایی وێنەکێشان وپەرەپێدانی توانای تەواوکردنی کاری هونەری نوێ بەو تەکنیکە نوێیەی کە دەستنیشان کراوە وخستەنە گەڕی لێهاتووییەکان وفیستیڤاڵ وپێشانگاکاندا.

- ئامانجە تایبەتیەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە:

بەرزکردنەوەی توانای لێهاتووی خوێندکار بۆ گۆڕینی بیرۆکەی هونەری بۆ دەستکەوتێکی هونەری ولە توانایدابێت بۆ بەرەوپێشبردنی هەنگاوی لۆژیکی بۆ کاری هونەری وبیرکردنەوەی دروستی هەبیت بۆیاساکانی پلانەکە وجێبەجێکردنی پلانەکە وتێگەیشتنی دروست لە بەکارهێنانی ڕێگاو کەرەستەکان وشێوازی کارکردن پێش ئەوەی پلانەکە جێبەجێ بکرێت وتوانای دەستنیشان کردنی هەڵەکانی هەبێت لە کاتی پراکتیزەکردن.

- **ئامانجە ڕەفتارییەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە:**

پرۆسەی پێناسەکردن وداڕشتنی ئامانجە پەروەردەیی وڕەفتارییەکان ئەو بنەمایەیە کە دیزاینی بەرنامەی پەروەردەیی لەسەر بنیات دەنرێت ومەرجەکانی فێربوون کە لەگەڵ هەر ئامانجێکدا گونجاوە دادەنرێت، واتە ئامانجەکان ئەوانەن کە ڕێنماییمان دەکەن بۆ ئەوەی کە دەبێت بەدەستی بهێنین لە فۆڕمی ئەنجامی پێوانەکراو وهەڵسەنگێنراو وەک دەرئەنجامەکانی پرۆسەی پەروەردەیی. ئامانجی گشتی لەناو بابەتی پەروەردەی هونەردا دۆزیەوە کە لەم قۆناغەدا بڕیاری لەسەر دراوە ئاماژە بە بەدەستهێنانی هەندێک کارامەیی وێنەکێشان ودیزاین وسەلیقەی هونەری خوێندکاران دەکات،

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەڕۆكیان ئاماژەیە بۆ توێژەرەكە پەنای بردە بەر بنیاتنانی ئامانجە پەروەردەییەكان بەپێی پێداویستییەكانی دیزاینی پەروەردەیی بەگشتی وبەپێی ناوەڕۆكی پەروەردەیی بەرنامەی ڕاهێنان كە لە توێژینەوەكانی ئێستادا ئامادەكراوە وبەپێی چوارچێوە (Context)ی خوارەوە.
ئامانجی ئەدای پەروەردەیی دەربڕینێكی وردی بۆ ئەو توانایە یە كە خوێندكاران بەدەستی دەهێنێت لە ئەنجامی فێركردندا ودەتوانرێت تێبینی بكرێت لە شێوەی ئەدای خوێندكارەكە. ئامانجی ئەدای باش ئەو ئامانجەیە كە دەرئەنجامە خوازراوەكانی فێربوون بە وردی وروونی وبێ دوو دڵی پێناسە دەكات.

**سێیەم: قۆناغی پەرەپێدان (Development):**

- ئامادەكردنی ناوەڕۆكی پرۆگرامی ڕاهێنانێكە:

لە رۆشنایی ئەو ئامانجانەی بۆ بەرنامەكە دانراوە توێژەر ناوەڕۆك وئەزموون وچالاكی هەڵبژاردووە ودەكرێت لە ڕێگایەوە ئامانجەكان بەدی بهێنرێت وتوێژەر توێژینەوە وئەدەبیاتی پێشووتر لەسەر بابەتەكە بەكارهێناوە وناوەڕۆكی بەرنامەكەی بەو شێوەیە ڕێكخستووە:

- پلانی ناوەڕۆك (تخطيط المحتوى):

دیاریكردنی ناوەڕۆكی پرۆگرامە ڕاهێنانییەكە یەكێكە لە گرنگترین قۆناغەكانی پلاندانانی بەرنامەی ڕاهێنان لەڕووناكی ئامانجی تایبەتی بەرنامەی ڕاهێناندا دیاری دەكرێت وەرچاوی هەڵبژاردن وئامادەكردنی ناوەڕۆكەكەی كردووە لە رووی گونجاندن لەگەڵ ئامانجەكانی پرۆگرامی ڕاهێنانییەكەدا وگشتگیركردنی ناوەڕۆكی پرۆگرامی ڕاهێنانییەكە بۆ گەشەسەندنی زانین ولێهاتوویی لای خوێندكار، هەروەها دەبێت نەرم وهەمەجۆر بن وبتوانرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت وە پەرەپێدانی بەهرەی وێنەكێشانی خوێندكار بەدەست بهێنرێت.

- ڕێكخستنی ناوەرۆكی پرۆگرامی ڕاهێنانییەكە:

رێكخستنی ناوەڕۆكی پرۆگرامی ڕاهێنان لە (8) وانەی ڕاهێنانی پراكتیكی هەر وانەیەك (3) كاتژمێر لە هەفتەیەكدا.

- رێگە یان تەكنیكی بەكارهاتوو لە پرۆگرامە راهێنانییەكە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەران تەکنیکی (Acrylics Pouring)یان بەکارهێناوە بۆ ئاسانکردنی گەیاندنی زانیاری بە خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە.

- ئامڕازە فێرکارییەکان کە بە کار دەهێنرێت لە پرۆگرامی فێرکارییەکە:

ئامێری خستنە روو (Data Show Projector)، وێنە وڤیدیۆ دەربارەی تەکنیکەکان بە مەبەستی روونکردنەوەی بابەتەکە.

- چالاکی پەروەردەیی وفێرکاری بەکارهێنراو لە پرۆگرامی راهێنانییەکە:

چالاکی تاکە کەسی کە بریتییە لە راهێنانی پراکتیکی بۆ جێ بە جێکردنی کاری هونەری رێککاری تایبەت بە پەرپێدانی لێهاتووی وێنەکێشان بەشێوەیەک رەچاوی جیاوازی تاکە کەسی بکات لە نێوان خوێندکاران لە هۆڵی وێنەکێشان، ڕاهێنانی جیاوازو جۆراوجۆر کە بەشێوەیەک جیاوازی تاکەکەسی لە نێوان خوێندکاران لەبەرچاو بگرێت وەک چالاکیەکی ئەرکی ماڵەوە، هاندانی خوێندکاران بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکان بە ڕوو بەڕوو بوونەوەی کێشەکان لە کاتی ئەرکی پراکتیکی وهاندانی خوێندکاران بۆ پێشنیار کردنی بیرۆکەی نوێ، پەرەپێدانی متمانەی خوێندکاران بۆ دەرهاویشتنی بیرۆکە وتوانای نوێ.

- شوێنی جێبەجێکردنی چالاکییەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان:

دەستنیشان کردنی کاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە بەپێی خشتەی کات بۆ دەستپێکردنی وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (2022-2023) کۆی کات بۆ پرۆگرامەکە دابەشکرا بەسەر (8) وانە، وهەر وانەیەک (3) کاتژمێر.

- سنووری توێژینەوە بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان:

پێشنیار کراوە بۆ ئەنجام دانی تویژینەوەکە لە یەکێک لە هۆڵەکانی وێنەکێشانی بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سلێمانی.

**چوارەم: قۆناغی جێبەجێکردن (Implement):**

ڕوونکردنەوەی وێنەکێشان بە تەکنیکی (Acrylics Pouring) پێش جێبەجێکردن بۆ دوور کەوتنەوە لە هەڵە، ئامادەکردنی کەرەستە خاوەکان کە بەکاردەهێنرێن بۆ هەردوو تەکنیکە کە لە توێژینەوەکەدا دیاریکراوە.

**پێنجەم: قۆناغی هەڵسەنگاندن (Evaluation):**

هەڵسەنگاندن بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە بە گشتی تا چەند بەدەستهاتووە، بەم هۆیە وە توێژەران هەستا بە هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە بە چاودێریکردنی نموونەی توێژینەوەکە لەکاتی جێبەجێکردنی تەکنیکی وێنەکێشان بە رشتنی ڕەنگی ئەرلیک هەروەها چاودێریکردنی خوێندکاران کە تا چەند لەگەڵ سروشتی تەکنیکەکە دەگونجێن وەڵامدانەوەیان چۆنە بۆ تەکنیکەکە، هەروەها هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ڕاهێنانی دوای جێبەجێکردنی تەکنیکەکە لە هەموو وانەیەکدا بۆ دەرخستنی ڕادەی کاریگەرییەکانی تەکنیکەکە لەسەر پەرەپێدانی تواناکانی وێنەکێشانی لای خوێندکاران هەروەها بەراوردکردنی ئەنجامی هەر وانەیەک لەگەڵ ئەنجامی وانەی ڕابردوو.

- **هەڵسەنگاندنی پێشەکی (تقويم القبلي):**

هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەی پێشەکی لە سەرەتای بەرنامەی ڕاهێنان پێش ڕوونکردنەوەی هەر بەشێک لە بابەتەکە ئەنجام دەدرێت وئەمەش لە ڕێگەی جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی مەعریفی بۆ پێوانەکردنی زانیاری زانستی لە پەرەپێدانی تواناکانی وێنەکێشان، وفۆڕمی پێوانەکردنی ئەدای پراکتیکی ئەنجامەدرێت لە پەرەپێدانی تواناکانی وێنەکێشان، هەروەها پێوانەکردن بۆ ئاراستەی خوێندکاران بەرەو پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان ئەنجام دەدرێت بە پێی فۆڕمی پێوانەکردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- **هەڵسەنگاندنی پاشەکی(تقويم البعدي):**

ئەمەش بە تاقیکردنەوەی توانای لێهاتووی وێنە کێشان لە وانەی کۆتایی وپاشان هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی (8) وانە بە پێی فۆڕمی هەڵسەنگاندن لە رێگەی لیژنەیەکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندن ئەنجامی نموونەی توێژینەوەکە بە مەبەستی زانینی جیاوازی نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی هەروەها جیاوازی لە نێوان تەواوی (8) وانەکە.

**8.3 رێکخستنی پرۆگرام:**

دوای ئامادەکردنی پرۆگرامەکە بەپێی هەنگاوەکانی پێشوو، پرۆگرامەکە پێشکەش بە کۆمەڵێک پسپۆڕ وشارەزا بۆ ئەوەی رای خۆیان دەربرن لەسەر بەرنامەکە تا چەند رێکخراوە لە خزمەتی ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا بێت، هەروەها رێکخستنی وانە وپێکهاتەکانی لە (ئامانجەکان، ناوەرۆک، چالاکییەکان، هەڵسەنگاندن، دڵنیایی بەرنامەکە بۆ جێبەجێکردن)، بە مەبەستی دەستکاریکردنی بەرنامەکە پشت بەستن بە تێبینی وپێشنیاری شارەزایان وپسپۆڕان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەرنامەکە پێش جێبەجێکردنی لەسەر خوێندکاران نموونەی توێژینەوەکە وبەجۆرێک کە ببێتە فۆڕمی کۆتایی.

**9.3 جیبەجێ کردنی پرۆگرامی راهێنانی:**

بە مەبەستی پەرەپێدانی لێهاتویی وێنەکێشان لای خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە رێگەی جێبەجێکردنی پرۆگرامی ئامادەکراو کە پێکدێت لە چەند وانەیەکی پراکتیکی وە هەر وانەیەک ناوەڕۆک وجالاکی تایبەت لە خۆدەگرێت، لە رێگەی ئەم پرۆگرامەوە خوێندکار ئاشانا دەبێت بە چەند تەکنیکێکی نوێ.

**10.3 ئامانجی گشتی پرۆگرامەکە :**

راهێنانی نموونەی توێژینەوەکە لە سەر پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی وێنەکێشان بە تەکنیکی رشتنی رەنگی ئەکرلیک (Acrylics Poring) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.

**11.3 ناوەرۆکی پرۆگرامەکە بۆ تەکنیکی رشتنی رەنگی ئەکەرلیک (Acrylic Pouring):**

ناساندنی هونەری وێنەکێشان بە رشتنی رەنگی ئەکرلیک وجۆرەکانی وکەرەستەکانی وێنەکێشان وچۆنێتی بەکارهێنانیان وتایبەتمەندی رەنگەکان وئامادەکردنیان وچۆنێتی دیزاینکردن وهاوسەنگی کردن، تایبەتمەندی ئەو رووانەی دەگونجێت بۆ ئەم تەکنیکە.

**12.3 ئامادەکردنی فۆڕمی هەڵسەنگاندن:**

ئامادەکردنی فۆڕمی هەڵسەنگاندن، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە و هەڵسەنگاندنی تەواوی (8) وانەو ئەزموونییەکە بۆ پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان لە بابەتی (کاری سەربەست)، فۆڕمی هەڵسەنگاندن ئامادە کراوە بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

1- توێژەران هەستا بە راپرسی بۆ وەرگرتنی را وبۆچوونی پسپۆڕان وشارەزایانی پلاندانان ووێنەکێشان لە بەشی پەروەردەی هونەری لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی سەبارەت بەو پێوەرانەی کە پشتی پێدەبەستن لە کاتی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی خوێندکارەکانیان لە کاتی وێنەکێشان لە بابەتی (کاری سەربەست) بەپێی راپرسی کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە.

2- دوای بەراوردکردنی ئەنجامی راپرسێکە، لە ژێر رۆشنایی ئەزموونی کەسی توێژەران لەم بوارەدا وئامانجی پەروەردەیی ورەفتارییەکانی بابەتەکە وە پێداچوونەوەی بە هەندێک سەرچاوەی جۆراوجۆر لەم ڕووەوە، پێوەرەکان بە شێوەیەکی سەرەتایی وپێکهاتبوو لە (19) بڕگە.

3- پاش ئەوەی پێوەرەکان دەستنیشان کران بە شێوەیەکی سەرەتایی توێژەر هەستا بە راپرسی بۆ ئەو پێوەرانە وەرگرتنی را وبۆچوونی پسپۆڕان و شارەزایان لە رووی (شیاوی ونەشیاوی) وە لە پاش هەڵێنجاندنی رای پسپۆڕان بۆ ئامادەکردنی فۆڕمی هەڵسەنگاندن وپشتڕاستکردنەوە ی کۆی گشتی بڕگەکان (11) بڕگە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لە تەکنیکی (Acrylics Pouring).

4- توێژەران هەستان بە راپرسی بەمەبەستی دیاریکردنی نمرە بۆ هەریەک لە بڕگە دیاریکراوەکان وە لە پاش وەرگرتنی رای پسپۆڕان وشارەزایان لە بەشی پەروەردەی هونەر لە دەست نیشان کردنی نمرە بۆ هەر بڕگەیەک لە (11) بڕگەکانی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی تەکنیکی (Acrylics Pouring) بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەرجێک کە کۆی گشتی نمرەی بڕگەکان بکاتە (100) نمرە، دوای دەرهێنانی وەڵامی مامۆستایان لەسەر راپرسێکە ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنرا بۆ هەریەک لە (11) بڕگەکانی فۆرمی هەڵسەنگاندنی ئەنجامی خوێندکاران، فۆرمی هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی یەکخراو داڕێژراوە کە بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە، بۆ دڵنیابوون لە دروستی نمرەی بڕگەکان لەرووی هەڵسەنگاندنەوە پاش پشتڕاستکردنەوەی راستگۆیی.

### 13.3 جێگیری فۆرمی هەڵسەنگاندن:

لەپاش ئەوەی توێژەران گەیشت بە وێنەی کۆتای فۆڕمی هەڵسەنگانی تەکنیکی (Pouring Acrylics) بۆ هەڵسەنگاندنی وبەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری ڕاستکردنەوەی فۆڕمی هەڵسەنگاندن، چەند نمونەیەک لە بەرهەمی خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە بەشی پەروەردەی هونەری پێکهاتووە لە (10) تابلۆ کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا، بەرهەمەکان بریتیبوون لە کاری خوێندکاران لە وانەی پراکتیکی کاری سەربەست بۆ تەکنیکی وێنەکێشان بە رشتنی رەنگی ئەکرلیک (Pouring Acrylics). تابلۆکان بە لیژنە هەڵسەنگاندیان بۆ ئەنجام درا کە پێکهاتبوو لە (3) مامۆستا لە بواری وێنەکێشان بەپێی فۆڕمی هەڵسەنگاندنەکە، تێکڕای نمرەی هەریەک لە (10) تابلۆکان دەرهێنرا، پاشان بەراوردکردنی تێکڕای نمرەی هەر مامۆستایەک لەگەڵ تێکڕای نمرەکانی مامۆستاکەی دیکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەندی(پیرسۆن) چارەسەری ئاماریان بۆ کرا بەمەش (3) بەراوردکاری ئەنجام درا.

بەهای هاوکێشەی ڕێژەی پەیوەندی (بیرسۆن) بۆ بەراوردکردنی هەڵسەنگاندنی یەکەم لەگەڵ هەڵسەنگاندنی دووەم بریتیبوو لە (0.822) وە بەهای ڕێژەی هاوکێشەی پەیوەندی (پیرسۆن) بۆ بەراوردکردنی هەڵسەنگاندنی یەکەم لەگەڵ هەڵسەنگاندنی سێهەم بریتیبوو لە (0.931) وە بەهای هاوکێشەی ڕێژەی پەیوەندی (پیرسۆن) بۆ بەراوردکردنی هەڵسەنگاندنی دووەم لەگەڵ هەڵسەنگاندنی سێهەم بریتی بوو لە (0.916)، ئەم بەهایانە (0.916 ,0.931 ,0.822) ، ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان نمرەی هەڵسەنگاندنەکان، ئەم ئاماژەیە جێگیری فۆڕمی هەڵسەنگاندن دەسەلمێنێت، بەم شێوەیە توێژەران دڵنیاکرایەوە لە جێگیری فۆڕمەکانی هەڵسەنگاندن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (1): ئەنجامی تاقیکردنەوەی هاوکێشەی پەیوەندی (پیرسۆن) بۆ دەرهێنانی جێگیری فۆڕمی هەڵسەنگاندن بۆ تەکنیکی ڕشتنی ڕەنگی ئەکەرلیک (Pouring Acrylics).

| | Pearson Correlations (Acrylics Pouring) | | |
|---|---|---|---|
| | هەڵسەنگێنەری 1 | هەڵسەنگێنەری 2 | هەڵسەنگێنەری 3 |
| هەڵسەنگێنەری 1 | 1 | 0.822** | 0.931** |
| هەڵسەنگێنەری 2 | 0.822** | 1 | 0.916** |
| هەڵسەنگێنەری 3 | 0.931** | 0.916** | 1 |
| **. Correlation is significant at the 0.01 level (1-tailed), N=10 | | | |

### 14.3 پلاندانانی وانەوتنەوە بۆ فێرکردنی خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە:

توێژەران پلانی وانەوتنەوەی ئامادەکردنی بۆ وانەوتنەوەی پراکتیکی بۆ (8) هەفتەی نمونەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی پرۆگرامی ڕاهێنانی دارشت بە خستنەڕووی پلانەکە بە کۆمەڵێک پسپۆڕ لە بواری ڕێگاکانی وانە وتنەوە وە بەپێی شێوازی وانەوتنەوە دیاری کراوە وپێویستە لە ناوەڕۆکی پلانەکە لە ڕوانگەی زانستی وزمانەوانییەوە.

### 15.3 جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:

ماوەی تاقیکردنەوەکە بۆ خوێندکارانی گروپی تاقیکاری دیاریکرا، لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (2023-2022)، واتە (8) هەفتە، بە ڕێژەی یەک وانەی خوێندن لە هەفتەیەکدا، بە ماوەی (3) کاتژمێر بۆ هەر وانەیەک بۆ نمونەی توێژینەوەکە.

### 16.3 هاوکێشە ئامارییانە کە بەکارهێنراون

وەکو: ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هەڵەی پێوانەیی، وهاوکێشەی بیرسون، وتاقیکردنەوەی (t-test)، هاوکێشەی جلاس، و پێوەری (Cohen)

## 4. خستەڕووی ئەنجامەکان وشیکردنەوەیان:

توێژەران لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە ئەو ئەنجامانە دەخاتە روو کە پێی گەیشتووە، دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە وتاقیکردنەوەی گریمانەکانی، پاشان هەندێک پێشنیار لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەدا دەخاتە ڕوو، هەروەها پێشنیاری هەندێک لێکۆڵینەوە دەکات بۆ تەواوکەری بابەتەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژینەوەکە بە کەڵک وەرگرتن لە پرۆگرامی شیکردنەوەی ئاماری (SPSS) لە پرۆسێسکردنی ئەنجامی توێژینەوەکە، هەروەها باسکردن ولێکدانەوە بۆ ئەنجامەکان، ولە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توۆژینەوەکە توێژەر کۆمەڵێک ڕاسپاردە وپێشنیاری دارِشتووە.

خشەی (2): نمرەی تاقیکردنەوەی پێشەکی وتاقیکردنەوی پاشەکی لە لایەن خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لە رێگەی جێبەجێکردنی پرۆگرامی راهێنانی بە تەکنیکی رشتنی رەنگی ئەکرلیک (Pouring Acrylics) پاش هەڵسەنگاندن بە بەکارهێنانی فۆرمی هەڵسەنگاندن لە رێگەی لیژنەی هەڵسەنگاندن.

| خوێندکار | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13 | 14 | 15 | 16 | 17 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوەی پێشەکی | 48 | 44 | 43 | 44 | 48 | 47 | 39 | 39 | 44 | 43 | 34 | 45 | 49 | 49 | 39 | 41 | 38 |
| تاقیکردنەوەی پاشەکی | 88 | 85 | 91 | 89 | 89 | 83 | 89 | 89 | 85 | 83 | 88 | 90 | 84 | 80 | 88 | 86 | 89 |

### 1.4 ئامانجی یەکەم:

ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە بنیادنانی پرۆگرامێکی راهێنانی هەنگاو بە هەنگاو وەك پێشتر بەوردی ئاماژەی بۆ کراوە هەروەها بەکارهێنانی تەکنیکی وێنەکێشان بە ڕشتنی رەنگی ئەکریلیک (Pouring Acrylics) لە پەرەپێدانی تواناکانی وێنەکێشان لای خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە بەشی پەروەردەی هونەر.

### 2.4 ئامانجی دووەم:

مەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ئەم گریمانەیە تاقیکراوەتەوە بریتییە لە: هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان بە بەکارهێنانی تەکنیکی (Pouring Acrylics) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر پێش جێبەجێکردنی وپاش جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی(3): ناوەندی ژمێریاری وهەڵەی پێوانەیی لادانی پێوەری تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە بە تەکنیکی ڕشتنی ڕەنگی ئەکرلیک (Pouring Acrylics).

| ئاماری گروپی (Pouring Acrylics) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تاقیکردنەوە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | هەڵەی پێوانەیی | لادانی پێوەری |
| پێشەکی | 17 | 43.176 | 1.054 | 4.347 |
| پاشەکی | 17 | 86.823 | 0.733 | 3.025 |

لە خشتەی (3) ڕوون دەبێتەوە کە ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشەکی بریتییە لە (86.823) بەلادانی پێوەری (3.025) کە زیاترە لە ناوەندی ژمێرەیی (43.176) بەلادانی پێوەری (4.347) بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی، بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ئامانجە وزانینی جیاوازی ئاماری بەرچاو هەیە یان نا لە ڕێگەی ئەنجام دانی تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ دوو نموونەی ناوەندی پەیوەندیدار پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (SPSS) وەک لە خشتەی ژمارە (4) دا نیشان دراوە.

خشتەی (4): تاقیکردنەوەی (T-test) بۆ بەراوردەکردنی جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی تەکنیکی (Pouring Acrylics) بۆ خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە.

| تاقیکردنەوە | ژمارە | DF | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) هەژمارکراو | ئاستی دەلالەت (sig) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشەکی | 17 | 16 | 43.176 | 4.347 | *28.546 | 0.01 | 0.05 |
| پاشەکی | 17 | | 86.825 | 3.025 | | | |

*significant at level alpha=0.05,

لە خشتەی ژمارە (4) دا دەردەکەوێت، بەهای (t) هەژمارکراو یەکسانە بە (45.887) وبەهای ئاستی دەلالەت (sig) بریتیە لە (0.01) لە ئاستی بەڵگەدارێتی (0.05)، بەهای ئاستی دەلالەت (0.01) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەدارێتی (0.05) واتا جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشەکی، ئەمەش دەریدەخات کە ئاستی پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان بەرزترە لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە، توێژەر پێی وایە هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگرێتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩ ) – ژمارە(٤)، زستان ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆجێبەجێکردنی پرۆگرامی راهێنانییەکە بە تەکنیکی رشتنی رەنگی ئەکرلیک (Pouring Acrylics) لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە.

بەهۆی جیاوازی بەهای ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەکە بەمەش گریمانەی سفری کە دەڵێت جیاوازی نییە لە نێوان نمرەی ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی ڕەتدەکرێتەوە وگریمانە جێگرەوە پەسەند دەکرێت ، کە دەڵێت جیاوازی لە نێوانیاندا تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی هەیە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە ئاستی لێهاتووی وێنەکێشانی خۆیان پێشخستووە دوای ئەزموونی توێژینەوەکە.

### 3.4 ئامانجی سێیەم:

بۆ دیاری کردنی قەبارەی کاریگەری (Effect Size) ی گۆڕاوی سەربەخۆ نیشان بدرێت کە بریتییە لە پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە لە ڕێگەی تەکنیکی رشتنی رەنگی ئەکلیک (Pouring Acrylics) لەسەر گۆڕاوە وابەستە (تابع) کە بریتتیە لە پەرەپێدانی توانای وێنەکێشانی خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە لە کاتی ئەزمونی توێژینەوەکە. توێژەر بۆ ئەم مەبەسەت هاوکێشەی (جلاس) (Glass et al., 1981)ی بەکارهێنا بۆ خستنە رووی قەباری کاریگەری (Effect Size) پرۆگرامی راهێنانییەکە لەسەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان. بۆ پشتڕاستکردنەوەی گریمانەی ئامانجی سێیەم، توێژەر هەستا بە هەژمارکردنی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوی پێشەکی وتاقیکردنەوی پاشەکی ولادانی پێوەری جیاوازییەکانی نێوان تاقیکردنەوی پێشەکی پاشەکی لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە(خشتەی (5).

خشتەی (5): بەهای قەباری کاریگەری (Effect Size) پرۆگرامی راهێنانی لە سەر پەرەپێدانی توانای وێنەکێشان بە تەکنیکی(Pouring Acrylics) لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی لای خوێندکارانی نموونەی توێژینەوەکە.

| تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | لادانی پێوەری جیاوازییەکن | بەهای قەبارەی کاریکەری Size Effect (D) | قەبارەی کاریکەری |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| پێشەکی | 43.176 | 4.347 | 6.304 | 6.923 | کاریکەریی گەورە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| پاشەکی | 86.825 | 3.025 | | | |

بەپێی خشتەی (5) دەردەکەوێت کە بەهای قەبارەی کاریگەر (Effect Size) (D) بریتییە لە (6.923) بەرزترە لە بەهای پێوانەیی (0.8) بە پێی ڕوونکردنەوەی کۆهین (Cohen, 1992) ئەگەر بەهای قەبارەی کاریگەر یەکسان بوو بە (d = 0.2) قەبارەی کاریگەرییەکەی بچووکە یان لاوازە بەڵام ئەگەر هاتوو قەبارەی کاریگەر (d = 0.5) ئەوا قەبارەی کاریگەرییەکەی مامناوەندە وە ئەگەر قەبارەی کاریگەر (d = 0.8) ئەوە ئاماژەیە بۆ قەبارەی کاریگەرییەکەی گەورەیە.

## 5. دەرئەنجامەکان وڕاسپاردەکان:

### 1.5 دەرئەنجامەکان:

- کاریگەری ئەرێنی پرۆگرامی ڕاهێنانی لە سەرپەرەپێدانی توانای وێنەکێشان.
- بەرنامەی ڕاهێنان بەشداری کرد لە پەرەپێدانی تواناکانی وێنەکێشان وسەلماندنی کاریگەری بەکارهێنانی تەکنیکی ڕشتنی ڕەنگی ئەکرلیک (Pouring Acrylics) بەگشتی لە چوارچێوەی ئەزموونی توێژینەوەکە.
- دەتوانرێت ئەم بابەتە گشتگیر بکرێت بۆ بابەتەکانی تری ئەکادیمی کە سروشتێکی پراکتیکیان هەیە وئەگەر ئامادەکاری بە وردی بیربکرێتەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لەلایەن مامۆستایانەوە.

### 2.5 ڕاسپاردەکان:

- ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێجی پەروەدەی بنەرەتی، زانکۆی سلێمانی، کە تاکە بەشە لە هەرێمی کوردستان، بە پەیڕەوکردنی پرۆگرامە ڕاهێنانییەکە بە تەکنیکی ڕشتنی ڕەنگی ئەکرلیک (Pouring Acrylics).
- ڕاسپاردنی مامۆستایانی بابەتەکە لە بەشەکە بەبەکارهێنانی پرۆگرامەکە بە ووتنەوەی بابەتەکە بە خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.

- راسپاردنی مامۆستایانی بابەتی وێنە کێشان لە خوێندنگا بنەڕەتی یەکان لەلایەن بەرپرسانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی پرۆگرامە راهێنانییەکە بە تەکنیکی وێنەکێشان بە رشتنی رەنگی ئەکەرلیک (Pouring Acrylics).

### 3.5 پیشنیارەکان:

توێژەران بۆ پەرەپێدان وتەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە، پێشنیازی ئەم ناونیشانانەی خوارەوە دەکات بۆ تویژەران لە بەشی پەروەدەی هونەر وبەشە هاوشێوەکان:

- کاریگەری پرۆگرامێکی راهێنانی لەسەر دەستکەوتی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت- زانکۆی سلیمانی لە بابەتی رەنگکاری.
- کاریگەری پرۆگرامێکی راهێنانی لەسەر لێهاتوویی خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت- زانکۆی سلیمانی لە بابەتی هێلکاری.

### سەرچاوە بیانییەکان:

Babcock, H. (2017). *Art Therapy and Stress Management: Mandala Coloring with Healthcare Professionals* https://scholars.smwc.edu/server/api/core/bitstreams/c0dd6a8c-d6bd-4dbb-8da2-9830f18fc2be/content

1. Cohen, J. (1992). Statistical power analysis. *Current directions in psychological science*, *1*(3), 98-101 .
2. Coles, D. (2023). *Acrylic Pouring Terms for Beginners*. https://acrylicpouring.com/acrylic-pouring-terms-for-beginners/

Durani, B. (2020). *Acrylic Painting Techniques: A Series of Nature Themed Acrylic Paintings* .[.New York, NY: Yeshiva College. Yeshiva University

Ebrahem, Y. M. F., & Abou, S. M. A. E. N. (2023). Methods of pouring paint colors as an entrance to enrich abstract expression on the surface of the painting and ceramic plate. *Journal of Namibian Studies: History Politics Culture*, *34*, 2385–2410-2385–.2410

Glass, G. V., McGaw, B., & Smith, M. L. (1981). *Meta-analysis in social research* (Vol. 56). Sage Beverly Hills, CA. http://pascal-2388372francis.inist.fr/vibad/index.php?action=getRecordDetail&idt=1

Kelley, C. (2019). *How to do a pour painting: A tutorial for beginners, Retrieved from*

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

*https://feltmagnet.com/painting/How-to-Do-a-Pour-Painting*.
https://feltmagnet.com/painting/How-to-Do-a-Pour-Painting
.York: Harry N. Abrams. In: Inc Landau, E. G. (1989). Jackson Pollock. New
Taylor, R. (2006). Personal reflections on Jackson Pollock's fractal paintings. *História, ciências, saúde-manguinhos*, *13*, 109-123.
VanEver, A. (2019). *The Art of Paint Pouring* (A. Geiger, Ed.). Waler Foster Publishing, an imprint of Quarto Group.
VanEver, A. (2020). *The Art of Paint Pouring* (A. Geiger, Ed.). Waler Foster Publishing, an imprint of Quarto Group.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

الأحمد, خ. ط. (2005). تكوين المعلمين: من الإعداد الى التدريب دار الكتاب الجامعي.
book_details.aspx?edition_no=67145/https://library.iugaza.edu.ps

1. الجبورى, و., & الفتمي, ع. (2009: 194). الأسس العامة للإدارة التربوية مؤسسة آفاق للدراسات والأبحاث لعراقية.

الزوبعي, ع. ا. و. (1978). الإختبارات والمقاييس النفسية. دار الكتب للطباعة والنشر.
العمر, م. ع. (2001). منهجية البحث العلمي دراسة في منهاهج العلوم مع تركيز على المنهج التجريبي. المكتبة الوطنية ، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد.
الياسري, ه. م. ح. (2000). بناء برنامج تدريبي في المهارات الادارية لمديري ومديرات المدارس الاعدادية في محافظة بغداد [العربية, جامعة المستنصرية]. بغداد.
توفيق, ع. ا. (2007). مهارات أخصائي التدريب (الطبعة الثانية ed.). مركز الخبرات المهنية للادارة-بميك.
https://library.alistiqlal.edu.ps/book-965-13.html
جابر, س. (2001). دليل إعداد البرامج والمواد التدريبية. طرابلس المركز العربي لتنمية الموارد البشرية.
د.وليد, م. (٢٠٠٥). فن الرسم في العصر الحديث جامعة الأسكندرية]. االاسكندرية.
دغمش, ه. ع. (2014). فاعمية برنامج تدريبي في تنمية مهارات تصميم وانتاج ملف الإنجاز الالكتروني والاتجاه نحوه لدى طالبات كلية التربية بالجامعة الاسلامية بغزة [رسالة ماجستير غير منشوره]. (الجامعة الاسلامية، غزة)
سنقر, ص. (1996). التوجيه التربوي وتدريب المعلم. جامعة دمشق- دمشق.
https://almoqtabas.com/ar/publications/view/26800509189356758
شحاتة, ح., & النجار, ز. (2003). معجم المصطلحات التربوية والنفسية (الطبعة الاولي ed.). الدار المصرين للبنانية.
https://faculty.ksu.edu.sa/sites/default/files/mjm_lmstlht_ltrbwy_wlnfsy.pdf
شموط, ا. ع. ع. (2015). فاعمية برنامج تدريبي قائم على استراتيجيات ما وراع المعرفة لتنمية مهارات التفكير فوق المعرفي لدى الطالبات المعلمات تخصص رياضيات بكلية التربية في جامعة الازهر، غزة جامعة الازهر، غزة]. كلية التربية. https://www.alazhar.edu.ps/arabic/He/files/20124277.pdf
صبري, م. (2002). الموسوعة العربية لمصطلحات التربية وتكنولوجيا التعليم. مكتب الرشيد والتوزيع.
عبداللهغيدان, م. (2008). برنامج تعليمي لإكساب طلبة قسم التربية الفنية مهارات استخدام الالوان الزيتية

عوض, م. أ. م. (1989). تدريب معلمى المواد الفنية الصناعية النظرية والعملية بالتعليم الثانوى الصناعى أثناء الخدمة فى مصر: دراسة ميدانية. المجلة التربوية لكلية التربية بسوهاج, 4(4), 1-50.
https://doi.org/10.21608/edusohag.1989.130917
لطفي, م. ق. (1996). التدريب الميداني لمعلمي اللغة العربية، التربية الإسلامية ومدرسيها في التعليم العام، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، إدا ة ر التربية، تونس. (12), 12. (12)
مراد, ی. (1690). يوسف مراد: مبادئ علم النفس العام. دار المعارف- القاهرة.
وليام, هـ. ب. (١٩٩٧). فن الرسم عند قدماء المصريين (م. السويفي, Trans.; د.ط ed.). الدار المصرية اللبنانية.

---------------------------------------------------------------------------------------------------------

# The effect of the training program using technique (Acrylics Poring) on the on developing drawing skills of students in the department of art education

**Awaz Mirza Faraj**
Art Education Department, College of basic education, University of sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
Email: awaz.faraj@univsul.edu.iq

**Sabir Bakr Mustafa**
Kindergarten Department, College of basic education, University of sulaimani, Kurdistan Region, Iraq
Email: sabir.mustafa@univsul.edu.iq

***Keywords:*** *Influence, Training Program, Acrylic Pouring, Drawing*

## Abstract

This research is elicited from a Ph.D. thesis entitled (The effect of the training program using (Acrylics Poring) technique on the development of drawing skills among students in the Department of Art Education). The research aims to prepare a training program in the field of drawing and to know the effect of the training program on drawing skill. The study sample consisted of (17) students in the fourth stage who were randomly selected from the study population. The purpose of preserving its

balance and defining one way for all students, the research sample and adjusting the variables, the two researchers equalized the research sample in the variables (pre-test, age of the students in the month, the degree of the topic of composition in the drawing for the year (2022-2023), the level of intelligence by conducting an intelligence test (IQ test)). The researchers conducted a questionnaire to formulate and build the training program, a questionnaire to determine modern drawing techniques, a questionnaire to prepare an evaluation card to evaluate the results of the research sample tests. After formulating and building the training program and receiving the opinion of experts according to a number of steps through which the training programs, its needs and objectives were determined. The researchers applied the training program using (Acrylics Poring) technology on the research sample for a period of (8) weeks, each week (1) lesson, each lesson (3) hours. After collecting the data and statistical analysis of the results, the two researchers reached a set of results, including building a training program step by step and then applying it to the research sample, and the emergence of a statistically significant effect between the average scores of achievement in the pre-test and post-test as a result of using the technique (Acrylics Poring), which means that the students of the research sample improved their level of drawing skills after an experiment. In light of the results, the researcher made a number of recommendations and proposals that he believes will complement his current research in the future.

## اثر برنامج التدريبي بتقنيـة (Acrylics Poring) في تنمية مهارات الرسم لدى الطلاب في قسم التربية الفنية

**ملخص :**

هذا البحث مأخوذ من رسالة دكتوراه بعنوان (اثر برنامج التدريبي بتقنيـة (Acrylics Poring) على تنمية مهارات رسم لدى الطلاب في قسم التربية الفنية). يهدف البحث إلى إعداد برنامج تدريبي في مجال الرسم ومعرفة تأثير البرنامج التدريبية على مهارة الرسم. تكونت عينة الدراسة من (17) طلاب المرحلة الرابعة وتم اختيارهم عشوائياً من مجتمع الدراسة. لغرض الحفاظ على موازنه وتحديد خط

واحد لجميع الطلاب عينة البحث وضبط المتغيرات قامت الباحثان بتكافؤ عينة البحث في متغيرات الاختبار القبلي، عمر الطلاب بالشهر، درجة موضوع الانشاء في الرسم لسنة (2022-2023)، مستوى الذكاء عن طريق اجراء اختبار الذكاء (IQ test). قام الباحثان باجراء استبيان لصياغة وبناء البرنامج التدريبي، استبيان للتحديد تقنيات الرسم الحديثة، استبيان لإعداد بطاقة التقييم لتقييم نتائج اختبارات عينة البحث. بعد صياغة وبناء البرنامج التدريبي وتلقي رأي الخبراء وفق عدد من الخطوات التي تم من خلالها تحديد البرنامج التدريبي واحتياجاته وأهدافه. قام الباحثان بتطبيق البرنامج التدريبي بتقنية (Acrylics Poring) على عينة البحث لمدة (8) أسابيع، كل أسبوع (1) درس، كل درس (3) ساعات. بعد جمع البيانات والتحليل الإحصائي للنتائج، توصل الباحثان إلى مجموعة من النتائج منها بناء برنامج تدريبي خطوة بخطوة ومن ثم تطبيقه على عينة البحث وظهور تاثير معنوي ذو دلالة إحصائية بين متوسط الدرجات التحصيل في الاختبار القبلي والاختبار البعدي نتيجة استخدام تقنية (Acrylics Poring) مما يعني أن طلاب عينة البحث تحسنت من مستوى مهاراتهم في الرسم بعد تجربة وكان حجم تأثير برنامج التدريبي كبيرا على تنمية مهارات الرسم لدى طلاب عينة البحث. وفي ضوء النتائج قدم الباحث عددا من التوصيات والمقترحات التي يرى أنها ستكمل بحثه الحالي في المستقبل.